وزارەتی دەرەوە سەرخۆشی لە حکومەت و گەلی ئێران دەکات بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەئیسیەوە



ئەمە دووشەمە، وەزارەتی دەرەوەی عێراق سەرخۆشی خۆی بە حکومەت و گەلی ئێران دەربڕی بەبۆنەی کۆچی دوای ئیبراهیم ئەئیسی سەرۆک کۆماری ئێران و حسێن ئەمیر عەبدولەهیان وەزیری دەرەوەی ئێران و هاورێیانیان، هاوکات پشتیوانی خۆی بە ئێران لەم کاتە سەختەدا دووپاتکردەوە.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند,, سەرخۆشی و هاوخەمی قووڵ بە سەرکردایەتی و گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی سەرۆک ئیبراهیم ئەئیسی و وەزیری دەرەوە حسێن ئەمیر عەبدولەهیان و وەزیری دەرەوە و هاوەڵکانیان لە کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەیاندا لە باکووری ئێران رادەگەیەنین".

هەروەها وتی" وەزارەت هاوسۆزی حکومەت و گەلی عێراق لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەم کارەساتە پێ لە ئازارە دەردەبڕێت، وجەختی کرد کە عێراق لەم کاتە سەختە و خەساریکی گەورەی سەرکردەکانیدا لە تەنیشت ئێرانەوە وەستاوە.